# کەرکوك لەئەجندای دیموکراسی یان کۆنفرانسی پیلانگێری لەئەنقەرە

فەرەیدون حەمەڕەشید
سویسرا

16.11.06

faraidun_73@hotmail.com

لەمێژووی درووستبوونی دەوڵەتی عێراقەوەتاهەنووکە کەرکوك پرسێکی ئەکتوێلی ناوکایەی سیاسییە لەنێوان دەسەڵاتی بەغداو خەڵکی کوردستاندا. ئەم پرسەگرنگەبەجیالەوەی لەمێژووی هەشتاساڵەی درووستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە تا9ی نیسانی2003 وکەووتنی پەیکەرەزەبەلاحەکەی سەدام لەمەیدانی فیردۆسی بەغدا هاوکێشەسیاسییەکان لەبەرژەوەندی نەتەوەی سەردەست ومێنتالیتێتی خۆسەپاندنداببووە بۆتێکدانی باری دیموگرافیاو داماڵینی کوردستانیەتی کەرکوك لەواقیعییەتەمێژوویەکەی خۆی،ئەم مەئموریەتەلەغەدرونابەرابەری لەسەردەستی بەعسە فاشیستەکان لەبەرامبەرکەرکوك وخەڵکی کوردستان چووەقۆناغی پاکتاوی نەژادی وجینۆسایدی نەتەوەیی،بەڵام لەداوای ئاڵوگۆڕەکانی دوای ڕووخانی سەدامی دیکتاتۆرو بانگەشەکردن بۆعێراقی نوێ کێشەیەکی واپڕلەگرێکوێرەی سیاسی تاهەنووکەبەهەڵواسراوی وخۆدزینەوەماوەتەوە،ئەوپرسەچارەنووسسازە لەعێراقی نوێدانزیك بەچوارساڵی تێپەڕاندووە، کەبەڕاشکاوانە وئاشکراکەسایەتی و کیان و هێڵی سیاسی لەناوپرۆسەی عێراقی نوێدا هەوڵەکانیان بۆئەوەیە میرات وتاوانەکانی بەعس لەسەرخەڵکی کوردستان بەکردەیەکی ئاسایی وسەپاو بەئەژماربێنن وخوێندنەوەی دوورلەواقیعی بۆبکەن، ئەم دەنگ وخەتەسیاسییانەی لەپشت ئەوسیناریۆداگەمەی بەعسیزمانەدەکەن دەبێت باش لەیۆتۆپیا ومێنتالیتێتی نەتەوەپەرستی بەخەبەربێن ولەوەبگەن کەئەمڕۆبەپێچەوانەوەی هەشتاساڵی ڕابردوو هەلومەرجی سیاسی وەك مێژووی ڕابردووچانسی ئەوەی نیە جارێکی تر کێشەی کەرکوك ببێتەقوربانی مانۆڕی سیاسی و،بەرژەوەندی ئیقلیمی،و بەرژەوەندیەئابوورییەجیهانییەکان،ئەمڕۆگەڕانەوە بۆواقیعییەتی پێش بەعەرەبکردن لە کەرکوك دا گرەوی دیموکراسی و سەرخستنی ئەجێندایەکی سیاسی نوێیە،کەبانگەشەکانی ئەمریکاوڕۆژئاوا، هەژموونە کانی گلۆبالیزەیشن وبەرەی دژەتیرۆرلەپشتی هەقانییەتی ئەم پرســەسیاسییــەڕاوەستاون وکۆمەکدەکەن و ناتوانن خۆبوێری بکەن،چوونکە بەومانایەی کەدیموکراسی بەدیاری وبەپرۆژەبۆخەڵکی کوردستان وعێراق و ناوچەکەدێنن، بەومانایەی کەدەیانەوێت میرات وئاسەوارەکانی دیکتاتۆری دەبێت تێکوپێك بشکێت،کەواتە لەپراکتیزە بوونی ئەو دیموکراسییەش لەئەرزی واقیعی ئەمڕۆی عێراقدا گەڕانەوەی مافەبۆخاوەن ماف کەلەناوەڕۆکیدا باشترین ئەلتەرناتیف و ڕێگەچارەی عەمەلی بۆگەڕانەوەی کەرکوك وسڕینەوەی ئاسەواری بەعەرەبکردنی بۆخەڵکی کوردستان هەڵگرتووە، لەهەمان کاتیشدادەستووری نوێ عێراق بەڕاشکاوانە مادەی 140ی بۆئەوەدارشتووە کەئاسەوارەکانی تەعریب و داگیرکاری بەسەرخەڵکی کوردستاندا نەمێنێت،کەواتەهەردەست خەرۆییەك وهەرتەگەرەدانانێك لەبەرامبەر ئاسایکردنەوە ی ڕەووشی بەعەرەبکراوی کەرکوك وناوچەبەعەرەبکراوەکان و تەگەرەخستنەبەردەم ئەکتیف بوونی مادەی 140 ی دەستووری هەمیشەیی پلانێکی دوورەلەواقیعی حاڵی ئەوڕاگەیاندن ومیدیایەی بانگەشەبۆعێراقی دیموکراسی ولێبووردەی دەکات،هەوڵەکانیش بەردەوام تائەمڕۆبەپێچەوانەوانەی ئاقاری لەخۆبوردەی وهاتنەسەرخاڵی درککردن بەغەدرێکی نەتەوەیی ومرۆیی دەکرێت،نەیارانی سیاسی ماددەی 140 لەهەڵمەتی جۆراوجۆرداکۆڕوسیمناردەبەستن،لە11/15ئەم مانگەوەلایەن وپێکهاتەی عێراقی لەئەستەنبوولی پایتەختی تورکیادەعوەتکراون وکۆڕوکوبونەوەیان هەیە،لەـ11/30هەمان ئەم مانگەدا لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیائەنیستیتۆی ستراتیژی گلوبال کۆنفراسێك لەسەرکەرکوك دەبەستێت کەهەموولایەن و پێکهاتەکانی عێراق تیادابانگێشتکراون تەنهاکوردنەبێت کەخاوەنی ئەسڵ و واقیعی پرسی کەرکوکە،ئەمەش ئەوزەنگەمەترسیدارەیەکەلەبەرامبەرواقیعیەتی مێژوویی وئایندەی سیاسی خەڵکی کوردستان لێدەدرێت کەچیترنابێت سەرکردایەتی سیاسی خەڵکی کوردستان وشەقامی کوردی لێبێدەنگبن ولەبەرامبەر دەسکەوتەکەم تازۆرەکان پشتێنی مەستی سەرکەوتن وخەمنەخواردن بکەنەوە،لایەنی بەرامبەروپیلانەدەرەکیەکانیش دەبێت باش لەوڕاستییەبگەن کەهەمیشەمەسەلەی کەرکوك خاڵی جەوهەری ومیحوەری ڕێکەوتن و ڕێکنەکەووتن بووە لەمێژووی دەسەڵاتی دیکتاتۆری وبزووتنەوەی ئازادیخوازی خەڵکی کوردستان،هەرمانۆڕوگەمەیەکی سیاسیش لەژێرناوی کۆنفرانس وهەرشتێکی

تردابێت بۆپرس وقەیرانی سیاسی کەرکوك بەبێ ئامادەبوون وحزوری بەرچاووسەرەکی کورد،ئەوکۆنفرانس ودایەلۆکانەلەپیلان وپاشقولدانێکی سیاسی بەولاوە زیاترشتێکی ترنیە،چونکە، ئەمڕۆپرس وڕێگەچارەی کەرکوك بەڕاستەڕێکردنێکی دیموکراسی وعادیلانەبەپشت بەستنێکی ئەکتیڤانە بەفاکتەری سەرەکی کوردی،تەنهاگەڕانەوەی ماف وخاك نیەبۆخەڵکی کوردستان ،بەڵکوسەرەڕای گەڕانەوەی ڕەوایی کێشەکەبۆواقیعییەتی سیاسیی و مێژوویی ڕاستەقینەی خۆی، سەقامگیری ئاسایش وسەرخستنی گرەوی دیموکراسی بۆ کوردستان وعێراق وناوچەکەلەگەڵ خۆیدا دەهێنێت،کەواتەهەرپیلانێکی ژێربەژێرلەژێرناوی کۆنفرانس و هەرشتێکدابێت بۆتەگەرەولەمپەردانان لەبەردەم ئاسایی بوونەوەی پرسی کەرکوك لەدەسپێکدانا جێگیربوونی ئارامی وئاسایشی سیاسی بۆخوودی ڕەووت ولایەنەپیلانگێڕەکان بەرهەمدێنێت